

یوسف (ستالین)

# دەربارەی مارکسیزم لە زانستی زماندا

جەلال دەباغ لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی

ناوی کتێب: دەربارەی مارکسیزم لە زانستی زماندا

نووسینی: یوسف ڤیسارۆڤیچ (ستالین)
ساڵی نووسین: ١٩٥٠
وەرگێڕی لە عەرەبیەوە: جەلال دەباغ
چاپخانەی:
ژمارەی سپاردن:
نووسینەوەی بە کۆمپیوتەر و دیزاین: وەرگێڕی کوردی

ساڵی ١٩٥٠له یەکێتیی سۆڤییەت، لەڕۆژنامەی پراڤدادا گفتوگۆیەکی فراوان، دەربارەی مەسەلەکانی زانستی زمان دەستپێکرا. پراڤدا لە ژمارەی ڕۆژی٢٠/ حوزەیرانی ١٩٥٠دا وتارێکی یوسف ستالینی بڵاوکردەوە کە بەشێوازی وردو ڕوونی خۆی (باری سەرنجی مارکسیزم لەزانستی زماندا) خستۆتەڕوو. دەقی تەواوی ئەم وتارەمان لەعەرەبییەوە کردە کوردی و بڵاوی دەکەینەوە.

چەند وشەیەکی پێویست لەلایەن وەرگێڕی کوردییەوە:

لەسەرەتای ساڵانی شەستدا، ئەم دانراوەی یوسف (ستالین)م خوێندەوەو بەڵامەوە زۆر بەنرخبوو کە ستالین وەک سەرکردەیەکی ئازای مارکسیست- لێنینیست و لێکۆڵەرەوەیەکی زانای لێنینیزم(دەربارەی مارکسیزم لە زانستی زماندا) باسێکی زانستانەو تۆژینەوەیەکی بەنرخی خستۆتە سەر کەلەپوری مارکسیزم . یەکەوڕاست بڕیارمدا کە بێکەمە کوردی تا خوێنەرانی زمانی شیرینی کوردی لێی بێ بەش نەبن، وێڕای سەرقاڵیی ئەوکاتەم بەخێرایی تەواومکرد، بەڵام چاپ و بڵاونەکرایەوە. وێڕای کارو تێکۆشانی نهێنی، تا ئەم ساڵانەی دوایی، وەرگێڕانەکەم پاراست، بەڵام بەداخەوە لەناو کتێب وپەڕاوو کاخەزە شاراوەکانمدا دیارنەما، دڵنیام کە پارێزراوەو، بەڵام بۆم نەدۆزرایەوە، بۆیە دیسان کردمەوە بەکوردی تا ئامادەبێت بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. هیوادارم بەم کارەم خزمەتێکی پچوکی زمانی کوردی و بیرو باوەڕی مارکسیزمم کردبێت.

جەلال دەباغ ٢٠٢٠/١/٢٠

دەستەیەک لەهاوڕێیانی لاو تکایان لێکردم کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە بیروڕای خۆم لە مەسەلەکانی زانستی زماندا دەرببڕم، بەتایبەتی لەسەر ئەو بەشەی هاوپەیوەندە لەگەڵ مارکسیزم لە زانستی زماندا، جا لەبەرئەوەی من یەکێکنیم لە زانایانی زمان دیارە ناتوانم بەتەواوی ئەوهاوڕێیانە قایلبکەم.

بەڵام دەربارەی مارکسیزم لە زانستی زماندا وەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، مەسەلەکە ڕاستەوخۆ لایمن گرنگە، لەبەر ئەوە بڕیارم دا وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بدەمەوە کە هاوڕێیان لێیانکردم.

پرسیار: ڕاستە زمان بریتییە لە بنیاتی سەرخان کە لەسەر بنیاتی ژێرخان ڕاوەستاوە؟(١)

وەڵام: نەخێر ئەمە ڕاستنییە.

بنیاتی ژێرخان بریتییە لە سیستەمی ئابوری کۆمەڵگا لە قۆناخێکی دیاریکراوی پەرەسەندنیداو بنیاتی سەرخان بریتییە لە بیرو بۆچوونی سیاسی و مافپەروەریی و، ئاینی و، هونەریی و، فەلسەفەیی کۆمەڵگاو دامەزراوە سیاسی و مافپەروەرییەکان و ئەوانی دیکەی کۆمەڵگا.

هەموو بنیاتێکی ژێرخان، بنیاتی تایبەتی سەرخانی خۆی هەیە کە لەگەلیدا گونجاوە.ژێرخانی ڕێژیمی دەرەبەگی سەرخانی خۆی هەیە، بیروبۆچوونی سیاسی و بواری مافەکان و شتی دیکەی هەیە، لەگەڵ ئەو دامەزراوانەی لەگەڵیاندا دەگونجێن.

هەروا ژێرخانی سەرمایەداری سەرخانی خۆی هەیە، هەروا ژێرخانی سۆسیالیستی. جا ئەگەر ژێرخانەکە گۆڕدرا یان نەما، ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕدرانی سەرخان یان نەمانی، جائەگەر ژێرخانێکی تازەدروستبوو،ئەمەدەبێتەهۆی پەیدابوونی سەرخانێک  کە لەگەڵیدا بگونجێت.

لەسەر ئەمەوە دەکرێت بگوترێت زمان لە بنەڕەتەوە جیاوازە لە سەرخان. با کۆمەڵگای رووسی و زمانی رووسی بە نمونە بێنینەوە: لەم سیی ساڵەی دواییدا، ژێرخانی سەرمایەداریی کۆن لە رووسیادا لەناوبراو ژێرخانێکی سۆسیالیستیی نوێ دامەزرێندرا، لە ئەنجامی ئەمەدا ئەو سەرخانە لەناوبرا کە لەسەر ژێرخانی سەرمایەداری دامەزرابوو، سەرخانێکی نوێ دامەزرا کە لەگەڵ ژێرخانی سۆسیالیستیدا بگونجێت، دواجار دامەزراوە کۆنەکانی سیاسی و بواری مافەکان و ئەوانیتر گۆڕدران بە دامەزراوەی نوێی سۆسیالیستی، بەڵام وێڕای ئەوەش، زمانی رووسی، لە بنچینەدا، وەک پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر مایەوە.

لەم قۆناغەدا لەزمانی رووسیدا  چی گۆڕدرا؟ تا ڕادەیەک، شێوەی پێکهاتنی فەرهەنگی زمانی رووسی گۆڕینی بەسەرداهات. گۆڕین بەو مانایە کە بە ژمارەیەکی هەستپێکراو لە وشەی نوێ و دەربڕینی نوێ دەوڵەمەنبووە کە لەگەڵ بەرهەمی سۆسیالیستیی نوێ و،

لەگەڵ دەوڵەتی نوێ و رۆشنبیریی نوێی سۆسیالیستی و، کۆمەڵگەی نوێ و، ڕەوشتی نوێ و، دواجار لەگەڵ هەموو پێشکەوتنەکانی تەکنیک و زانستدا پەیدابوون. مانای زۆر وشەو دەربڕین گۆڕدراون، واتە مانایەکی نوێیان وەرگرتووە، ژمارەیەکیش لە وشە کۆنەکان لە فەرهەنگدا نەماون، بەڵام ناوەرۆکی فەرهەنگی بنەڕەتی و، بنیاتنانی دەستوری زمانی ڕووسی کە هەردووکیان بنچینەی زمانن، پاش لەناوبردنی ژێرخانی سەرمایەداری لەناونەچوون و، نەشگۆڕدران بە ناوەرۆکێکی بنچینەیی تازەی فەرهانگی و، بنیاتنانی دەستورێکی نوێی زمان، بەڵکو بەتەواوی مانەوەو، هیچ ئاڵوگۆڕێکی تەواویان بەسەردا نەهات- بەتەواوی وەک بنچینەیەکی زمانی رووسیی هاوچەرخ مانەوە.

دواجار، سەرخان لەلایەن ژێرخانەوە پێکدەهێندرێت،

بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک مانای ئەوە ناگەیەنێت کە سەرخان تەنیا ژێرخان پیشاندەدات و، خۆی کاریگەرنییەو، بێلایەنەو، تەنیا هەڵوێستێکی گوێپێنەدان دەگرێتەبەر بەرانبەر چارەنووسی ژێرخانەکەی و، چارەنووسی چینەکان و، لە ئاست سروشتی ڕێژیمەکەدا.

بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرخان هەر کە دەردەکەوێت دەبێتە هێزێکی کاریگەری مەزن و، زۆر بەهێزیارمەتی ژێرخانەکەی دەدات بۆ دروستبوون و، چەسپاندنی کۆڵەکەکانی و، بەجێگەیاندنی هەموو کاروبارێک بۆ یارمەتیدانی ڕێژیمی نوێ لە لەناوبردنی ژێرخانی کۆنداو، پاکتاوکردنی چینەکان.

ناکرێ کارەکە بەمجۆرە نەبێت، چونکە سەرخان لە ژێرخانەوە دێتەکایەوە بۆئەوەی خزمەتی بکات، تا چالاکانە یارمەتی دروستبوون وچەسپاندنی کۆڵەکەکانی بدا بۆئەوەی چالاکانە خەبات بکات لە پێناو پاکتاوکردنی ژێرخانی کۆندا کە لەگەڵ سەرخانە کۆنەکەیدا لەسەر ڕێگای لەناوچوونەو، هەر هێندەش بەسە کە سەرخان دەستبەرداری ئەم ڕۆڵە یارمەتیدەرەی ببێت و، لەباری بەرگری چالاکانەوە لە ژێرخانەکەی، بچێتە بارودۆخی گوێ پێنەدانی و هەڵوێستێکی لەو شێوەیە لە هەموو چینەکان بگرێتەبەر، تا خاسێتەکەی لەدەستبداو، وەک سەرخان نەمێنێتەوە.

زمان لەم لایەنەوە لە بنەڕەتەوە جیاوازە لە سەرخان، چونکە زمان لەم یان لەو ژێرخانەوە کە کۆنبێت یان تازە، لەناو جەرگەی کۆمەڵێکی دیاریکراودا پەیدانابێت، بەڵکو لە تەواوی رەوتی مێژوی کۆمەڵگاو لە مێژوی ژێرخانەکانی چەند سەدەیەکەوە پەیدادەبێت، زمان دەستکردی چینێکی دیاریکراونییە، بەڵکو دەستکردی گشت کۆمەڵگاو، دەستکردی هەموو چینەکانی کۆمەڵگایەو، ئەنجامی کۆششی سەدان نەوەیەو، بۆیەکا دروست نەبووە پێداویستی چینێک، دابین بکات بەڵکو بۆ دابینکردنی پێداویستەکانی هەموو کۆمەڵگاو، هەموو چینەکانی کۆمەڵگایە، ئەو زمانە بۆیەکا هەیە کە تاقە زمانی کۆمەڵگایە، کە زمانی هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ و گشت گەلە.

لەبەرئەوە ڕۆڵی زمان، ڕۆڵی یاریدەدەری، لەوبارەیەوە کە هۆکاری پەیوەندی مرۆڤەکانە لەناوخۆیاندا، لەسەر ئەوە دانەمەزراوە کە خزمەتی چینێک بکات لەسەر حیسابی چینەکانیتر، بەڵکو بۆ خزمەتی هەموو کۆمەڵگایە، هەموو چینەکانی کۆمەڵگایە بە بێجیاوازی، هەرلەبەرئەمەشە کە بەتەواوی والێکدەدرێتەوە کە زمان دەتوانێت بە بێجیاوازی، خزمەتی ڕێژیمی کۆنی لەناوچووبکات و، هەروا خزمەتی ڕێژیمی نوێی تازەداهاتوو بکات، هەروا خزمەتی ژێرخانی کۆن و تازە بکات، خزمەتی چەوسێنەرو چەوساوەکان وەک یەک بکات. لایکەس شاراوەنیە کەزمانی ڕووسی خزمەتی سەرمایەداری ڕووس و ڕۆشنبیریی بۆرژوای ڕووسیی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری کردووە، هەروا ئەمڕۆش خزمەتی سیستەمی سۆسیالیستی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای ڕووسی دەکات. هەمان شتیش دەبێ لەبارەی زمانی ئۆکڕانی و، بێلەڕووسی و ئۆزبەکی و، کازاخی و، جیۆرجی و، ئەرمەنی و،ئەستۆنی و، لیتۆنی و، مۆڵداڤی و، لیتوانی و، تەتاری و، ئازەربایجانی و، بەشکیری و، تورکمانی و زمانەکانی دیکەی نەتەوەکانی سۆڤیەت کە خزمەتی ڕێژیمە کۆنەکانی بۆرژوای ئەم نەتەوانەی کردووەو، هەروا خزمەتی ڕێژیمی نوێی سۆسیالستیی دەکات. ناشکرێت مەسەلەکە بەجۆرێکیتربێت، زمان لە پێناوی ئەوەدا هەیە، هەرلەپێناوئەوەشدا پێکهاتووە: واتە بۆ ئەوەی خزمەتی هەموو کۆمەڵگا بکات، چونکە ئامرازێکە بواری خەڵک دەدات پەیوەندی لەگەڵ یەکتر بکەن و بۆئەوەی زمانێکی هاوبەشبێ بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاو زمانێکبێت بۆگشت کۆمەڵگاو، بەیەکسانی خزمەتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بکات، بە سەربەخۆ لە باری چینایەتییان و، ئەوەندە بەسە زمان دەستبەرداری ئەم بارودۆخەبێت لەبەر ئەوەی ئامرازێکی هاوبەشە بۆ هەموو گەل، هەر هێندە بەسە کە هەڵوێستی بەباشترزانین یالایەنگیری دەستەیەکی کۆمەڵایەتی بکات لەسەر حیسابی دەستە کۆمەڵایەتییەکانیتر، تا خاسێتی خۆی لەدەست بدات، ئیتر نەبێتە ئامرازێکی پەیوەندیی خەڵک لەگەڵ یەکترو، بگۆڕدرێت بۆ وتەی خوارەخێچ و نادیار(٢) کە تایبەتییە بە دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، کە بەرەو تێکچون بچێت و فەرمانی لەناوچوون بەسەر خوێدابدات.

کەواتە زمان، وێڕای جیاوازیی تەواوو قووڵی لەگەڵ سەرخان،لەگەڵ ئەوەشدا لەئامرازەکانی بەرهەمهێنان جیاوازنییە، بۆنمونە جیاوازنییە لە ماشینەکان کە ئەوانیش وەکو زمان، گوێ بە چینەکان نادەن و، دەتوانن خزمەتی هەردوو ڕێژیمی سەرمایەداری و ڕێژیمی سۆسیالیستی، بەبێ جیاوازی بکەن.

بەڵام زمان، بەپێچەوانەوە، بەرهەمی زنجیرەیەکی درێژی سەردەمەکانە کە لەو سەردەمانەدا پەیدا دەبێت ودەوڵەمەند دەبێت وپەرەدەسێنێت و دەمەزەرد دەبێتەوە.لەبەر ئەمە، زمان ماوەیەکی زۆر درێژتر لە هەر ژێرخان ولە هەرسەرخانێک دەژی. ئەمەش

به تەواوەتی ئەوە لێکدەداتەوە کە پەیدابوونی هەر ژێرخانێکی دیاریکراووسەرخانەکەی و، لەناوچوونیان، بەڵکو پەیدابوونی زۆر ژێرخان و سەرخانە پێکەوە گونجاوەکانیان و، لەناوچوونی هەموویان، لە مێژوودا نابێتە هۆی لەناوچوونی زمانێکی دیاریکراوو، لەناوچوونی پێکهاتەکەی و، پەیدابوونی زمانێکی نوێ لەگەڵ ناوەرۆکی فەرهەنگێکی تازەو، سیستەمێکی ڕێزمانیی نوێ.

پتر لە سەدساڵ بەسەر کۆچی دوایی پوشکیندا تێپەڕیوە. لەوکاتەشەوە، دوو ڕێژیمی دەرەبەگی و سەرمایەداری لە رووسیادا لەناوبراون و، ڕێژیمێکی سێیەم کە ڕێژیمێکی سۆسیالیستییە پەیدابووە. کەواتە دوو ژێرخان لەگەڵ سەرخانەکانیان لەناوبراون و ژێرخانێکی تازەی سۆسیالیزم لەگەڵ سەرخانێکی نوێی پەیدابوون. لەگەڵ ئەوەشدا،ئەگەر زمانی رووسی بکەینە نمونە، بۆمان دەردەکەوێت کە لەو ماوە دوورو درێژەدا هیچ ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی بەسەردا نەهاتووە، زمانی رووسیی هاوچەرخ لەرووی پێکهاتەیەوە، کەمێک نەبێت لە زمانی پوشکین جیاوازنیە.

جا ئایا لەو سەردەمەوە چی لە زمانی رووسیدا گۆڕدراوە؟ فەرهەنگی زمانی ڕووسی دەوڵەمەندبووە، ژمارەیەکی زۆر لە وشەی کۆنبووی لەناوچوون، واتای ژمارەیەکی گرنگ لە وشەکانی گۆڕدراون، سیستەمی ڕێزمانەکەی باشتربووە. بەڵام سەبارەت بە پێکهاتەی زمانی پوشکینی لەگەڵ داڕشتنە کانی ڕێزمانەکەی و ناوەرۆکی سەرەکیی فەرهەنگەکەی، بە گشت شتە جەوهەرییەکانیەوە وەکو خۆیان ماونەتەوەو، بوونەتە بناغەی زمانی ڕووسیی هاوچەرخ.

ئەمەش شتێکی زۆر روون و ئاشکرایەو، کەڵکی چییە کە دوای هەموو شۆڕشێک پێکهاتەی زمانەکەو، داڕشتنە ڕێزمانییەکانی و، ناوەرۆکی سەرەکیی فەرهەنگەکەی لاببرێن و لە جێگەیان شتێکی نوێ دابنرێن، وەکو لەسەرخاندا ڕوودەدات؟

کێ سوودمەند دەبێت کە بە "ئاو" و "خاک" و"چیا"و "دارستان" و "ماسی"و " مرۆڤ" و "رۆیشت " و ' کار" و "بەرهەمی هێنا" و' بازرگان" ...تاد. نەگوترێ ئاوو خاک و چیاو...تاد. بەڵکو شتێکیتریان پێ بگوترێ؟ سوودی چییە کە وشەکان لە زماندا نەگۆڕدرێن و داڕشتنی وشەکان لە ڕستەدا، بەپێی ئەو ڕێزمانەی هەیە ئەنجام نەدرێت و، بەڵکو بەپێی ڕێزمانێکی دیکەی جیاوازبێت؟ شۆڕش چ سوودێکی دەستدەکەوێت لەم شێوە کودەتایە لە زماندا؟

مێژو بەگشتی، بەهیچ جۆرێک شتێکی جەوهەری ناکات بەبێ پێداویستێکی تایبەتی. مرۆڤ دەپرسێت: دەبێ ئەم کودەتایە لەزماندا چ پیویستبێ لەکاتێکدا ئاشکراو ڕوونە، کە

ئەم زمانەی هەیە لەگەڵ پێکهاتەکەی لە بنەڕەتەوە بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ پێداویستەکانی ڕێژیمی نوێدا؟ لە توانادایەو ئەرکیشە کە سەرخانە کۆنەکە بڕوخێندرێ و لە چەند ساڵێکدا تازە جێگەی بگرێتەوە، تا ڕێگەی تەواو خۆشبکرێت بۆ پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەکانی کۆمەڵگا. بەڵام چۆن دەبێت ئەو زمانەی کە هەیە بڕوخێندرێت و لە چەند ساڵێکدا زمانێکی نوێی لە جێگە پێکبهێندرێت بێ ئەوەی پەشێوی بخرێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و، بەبێ هەڕەشەکردنی لێکهەڵوەشاندن وداڕزینی کۆمەڵگا؟

کەواتە کێ جگە لە دۆنکیشۆتییەکان، دەشێت شێوەی ئەم ئەرکە بخەنە پێش خۆیان؟

دواجار، جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە لە نێوان سەرخان و زماندا. سەرخان ڕاستەوخۆ نەبەستراوە بە بەرهەمهێنانەوە، بە چالاکیی بەرهەمێنەرانەی مرۆڤەوە. نەبەستراوە بە بەرهەمهێنانەوە، مەگەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بە ڕێگەی ئابورییەوە، لە ڕێگەی ژێرخانەوە. لەبەر ئەوە، سەرخان ئاڵ و گۆڕەکانی ئاستی پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان دەسبەجێ و ڕاستەوخۆ دەرناخات بەڵکو کاتێک دەریاندەخات کە ئاڵوگۆڕ لە ژێرخاندا ڕوودەدەن، ئەمەش بە دەرخستنی ئەو ئاڵ و گۆڕانەی بەرهەمهێنان دەبێت لە ئاڵ وگۆڕەکانی ژێرخاندا. ئەمەش مانای وایە کە جوغزی کاری سەرخان زۆر تەنگەبەرو سنووردارە.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە زمان ڕاستەوخۆ هاوپەیوەندە بە چالاکیی بەرهەمهێنەرانەی مرۆڤەوە، نەک هەر تەنیا بە چالاکیی بەرهەمهێنەرانەی مرۆڤەوە، بەڵکو بە هەموو چالاکییەکانی دیکەی مرۆڤەوە لە هەموو بوارەکانی کارکردنیدا، لە بەرهەمهێنانەوە تا بنیاتنانی ژێرخان و، لە ژێرخانیشەوە تا بنیاتنانی سەرخان. لەبەر ئەمە زمان دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ ئاڵو گۆڕەکانی بەرهەمهێنان دەردەخات بەبێ ئەوەی چاوەڕوانیی ئاڵوگۆڕ لە ژێرخاندا بکرێت. لەبەر ئەمە، جوغزی کاری زمان، کە هەموو بوارەکانی چالاکیی مرۆڤ دەگرێتەوە، زۆر فراوانترو جۆربەجۆرترە لە جوغزی کاری سەرخان، بەڵکو زۆرتریش لەوە دەکرێ بگوترێ نزیکە لەوەی سنووردارنەبێت.

ئەمەش لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە لێکدەداتەوە کە بۆچی زمان، یان بە شێوەیەکی وردتر بڵێین، بۆچی پێکهاتەی فەرهەنگەکەی لە بارۆدۆخی ئاڵوگۆڕێکی بەردەوامدا دەمێنێتەوە. ئەو بەخۆداهاتن و پێگەیشتنەی بێبڕانەوەیە لە پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و هاتوچۆو، تەکنەلۆژی و زانستدا وا لە زمان دەخوازێت کە فەرهەنگەکەی بە وشەی نوێ و دەربڕینی نوێی پێویست تەواوبکات کە بۆ کارکردن لەم بوارانەدا

پێویستن. ئەو زمانەش کە ڕاستەوخۆ ئەم پێداویستانە دەخەنەڕوو، فەرهەنگەکەی بە وشەی نوێ تەواودەکەن و، ڕێژیمی ڕێزمانی باشدەکەن و شارەزایدەبن. کەواتە:

أ- مارکسی ناتوانێت زمان بە سەرخانێک دابنێت کە لەسەر ژێرخانێک ڕاوەستاوە.

ب- تیکەڵکردنی زمان و سەرخان هەڵەیەکی گەورەیە.

***

پرسیارێک: ئایا ڕاستە کە زمان لەمەوبەرو هەمیشە سروشتێکی چینایەتی لە خۆدەگرێت و، یەک تاقە زمانی گشتیی هاوبەش نییە بۆ هەموو کۆمەڵگا، زمانێک هیچ سروشتێکی نەبێت و، زمانێکبێت بۆ گشت گەل؟

وەڵام: نەء ئەمە ڕاستنییە.

هیچ گراننیە مرۆڤ هەستبکات کە بواری زمانێکی چینایەتی لەئارادانییە، لە کۆمەڵگایەکدا چینەکانی تێدانەبێت. سیستەمی کۆمونی سەرەتایی چینەکانی نەدەناسی، دواجار توانای ئەوەش نەبوو زمانێکی چینایەتیی تێداهەبێت. لەوێدا یەک زمانی هاوبەش هەبوو بۆ هەموان. بەڵام ئەوانەی لەدژن و دەڵێن چین مانای هەموو کۆمەڵە مرۆڤەکانە، بە کۆمەڵگای کۆمونی سەرەتاییشەوە، ئەمە لەڕاستیدا لەدژبوونییە، بەڵکو گەمەکردنە بە وشەکان و شایانی بەرپەرچیدانەوەو بەدرۆ خستنەوەشنییە.

بەڵام هەرچی پەیوەندیی بەپەرەسەندنی ئایندەی زمانەکانەوە هەبێت، لە زمانەکانی خێڵەکانەوە تا زمانی هۆزەکان و، لە زمانی هۆزەکانەوە تا زمانی نەتەوەکان و، لە زمانی نەتەوەکانەوە تا زمانەکانی نیشتیمانی، لە هەموو شوێنێک و، لە هەموو قۆناغەکانی پەرەسەندندا، زمان لەو گۆشەنیگایەوە کە ئامڕازێکە بۆ پەیوەندیی خەڵکی لەناو کۆمەڵگادا بە یەکترەوە، زمانێکی هاوبەشە بۆکۆمەڵگاو، وەک یەک خزمەتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگادەکات، بە چەشنێکی سەربەخۆ لە بارودۆخی کۆمەڵایەتییان.

من لێرەدا مەبەستم ئیمپراتوریەکانی سەردەمی کۆیلایەتی و سەدەکانی ناوەڕاستنییە، وەکو هەردوو ئیمپراتۆری سیرۆس و ئەسکەندەری گەورە، یان بۆ نمونە هەردوو ئیمپراتۆریی تسارو، شارلمان، کە ئەمانە بنچینەیەکی ئابورییان نەبووە، بەڵکو نوێنەری دامەزراوەی سەربازیی- ئیداری کاتی و نا جێگیربوون.ئەم ئیمپراتۆرییانە خاوەنی یەک زمان نەبوون و نەشیاندەتوانی خاوەنی یەک زمانبن بۆ هەر ئیمپراتۆرییەک کە گشت

ئەندامانی ئیمپراتۆرییەکە لێی تێبگەن. ئەم ئیمپراتۆرییانە تێکەڵەیەک بوون لە خێڵ وگەلان کە ژیانی تایبەتی خۆیان و زمانی تایبەتی خۆیان هەبوون. لەبەرئەوە مەبەستم لەو ئیمپراتۆرییانەو نمونەکانیتریان نییە، بەڵکو مەبەستم ئەوخێڵ وگەلانەیە کە لەپێکهاتەی ئیپراتۆرییەکەدان و، بنچینەی ئابورییان هەبووەو، لە دەمێکەوە زمانی خۆیان پێکهاتووە. مێژوش دەڵێ کەزمانی ئەم خێڵانەو ئەم گەلانە سروشتێکی چینایەتییان نەبووە، بەڵکو زمانەکانی هەموو گەلبوون، هاوبەشبوون بۆخێل و گەلەکان و، هەموویان تێیدەگەن و بێگومان لەگەڵ بوونی لەهجەکاندا، زمانی ناوچەییش هەبوون، بەڵام ئەم زمانە ناوچەییانەش هەر بەشێک و سەربەم تاقە زمانە هاوبەشە بوون: واتە زمانی خێل یان گەلەکە. پاشان لەگەڵ دەرکەوتنی سەرمایەداریداو، لەگەڵ نەهێشتنی بەشبەشبوونی دەربەگیداو، لەگەڵ پەیدابوونی بازاڕی نیشتیمانیدا، گەلان بوونە نەتەوەو، زمانەکانی .گەلانیش بوونە زمانی نیشتیمانی

مێژوش پیشانیداوە کە زمانە نیشتیمانیەکان زمانی چینایەتینین بەڵکو زمانی هاوبەشی .هەموو گەلن، هاوبەشە بۆ هەموو ئەندامانی نەتەوەو، یەک زمانە بۆنەتەوەکە

لەمەوبەر گوتمان کە زمان، بەوەی کە ئامرازێکە بۆ پەیوەندیی خەلک لەناو خۆیاندا لەکۆمەڵگادا، وەک یەک خزمەتی گشت چینەکانی کۆمەڵگا دەکات و، لەم بارەیەوە جۆرێک لە بێ دەربەستی هەیە لەئاست چینەکان. بەڵام هەموو دەستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی خەڵک وچینەکانیان، زۆرلەوە دوورترن کەگوێنەدەنە زمان. کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری بێنن و فەرهەنگی خۆیان و، وشەو زاراوەو پەیڤینی تایبەتیی خۆیان بە سەریا بسەپێنن. لەم بارەیەشەوە بەشێوەی تایبەتی دەستەو تاقمەکانی سەرەوەی چینە موڵکدارەکان جیاوازن و، ئەوانە لەگەڵ جیابوونەتەوەو ڕقیان لێیدەبێتەوە: وەک ئەریستۆکراتە بەڕێزەکان و، دەستەکانی سەرەوەی بۆرژوا، بەمجۆرە زاراوەی"چینایەتی" و" پەیڤی تایبەتی" و، "زمانەکان"ی

هۆڵەکان پەیدادەبن. جا ئەم زاراوەو زمانە تایبەتییانە زۆرجار لە ئەدەبدا بەهەڵە بە زمانەکان ناودەبرێن، وەک ئەوەی دەگوترێ "زمانی ئەشرافەکان" و" زمانی بۆرژوا"، لە ئاست"زمانی پرۆلێتاری" و، زمانی جوتیاران: لەبەرئەمە زۆر سەیرە کە هەندێ لە هاورێیانمان گەیشتنە ئەوئەنجامەی گوایە زمانی نیشتیمانی خەیاڵێکی خاوەو، لەڕاستیدا .هیچ نیە جگە لە زمانی چینەکان

من لەو باوەڕەدام کە ئەم بەئەنجامگەیشتنە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئایا دەکرێت ئەم زاراوەو پەیڤینە تایبەتییانە بە زمانەکان دابنرێن؟ نەخێر بەهیچ جۆرێک و بێ هیچ

گومانێک. ئەوە نابێت چونکە، یەکەم، ئەم زاراوەوپەیڤینە تایبەتییانە نەهیچ دارشتنێکی ڕێزمانی تایبەتیی و نە فەرهەنگی بنچینەیی خۆیان هەیەو، هەمووی لە زمانی نیشتیمانی وەردەگرن. ئەمە بەهیچ جۆرێک لەتوانادا نییە، دووەم لەبەر ئەوەی ئەم زاراوەو پەیڤینە تایبەتییە لە جوغزێکی تەنگدا بڵاودەبێتەوە لەناو ئەندامانی لوتکەو باڵای ئەم چین یان ئەو چینداو، ئەمەش بە هیچ جۆرێک بۆ ئەوە ناگونجێت ببێتە ئامرازێکی پەیوەندی نێوان خەڵکی گشت کۆمەڵگایەکە.

جا ئەم زاراوەو زمانە تایبەتییانە لەچ شتێیەک پێکدێن؟ هەندێ هەڵبژاردەی تێدان لە هەندێ وشەی تایبەتی کە چێژی تایبەتی ئەریستۆکراسی، یان چێژی دەستەباڵاکانی بۆرژوا دەردەبڕێت، کە ژمارەیەک دەربڕین و پێکهاتەی وشەی وای تێدان کە سروشتێکی جوان و ڕازاوەی نیازداریان هەیە، دوورن لە دەربڕین و پێکهاتەی"نابەجێ"ی ناوزمانە نیشتیمانیەکە، دواجار هەندێ وشەی بییانیشی تێدان. بەڵام گشتە بنچینەییەکە، واتە زۆربەی زۆری وشەکان، هەروا دارشتنە ڕێزمانییەکان، لە زمانی هەموو گەلەوە، لە زمانە نیشتیمانییەکەوە وەرگیراون.

بەمجۆرە، زاراوەو زمانە تایبەتییەکان، ئەو لق و پۆپانە پیشاندەدەن کە لە زمانی نیشتیمانیی هەموو گەل بێبەشن، ئەو لق و پۆپانەی لە گشت سەربەخۆییەکی زمان بێبەشن و، بە ژیانێکی سست لەناوبراون. بەڵام باوەڕکردن بەوەی زاراوەو زمانە تایبەتییەکان دەتوانن پەرەبستێنن وببنەزمانی سەربەخۆ کە توانای شلۆقکردنی زمانی نیشتیمانییان هەبێت تا جێگەی بگرنەوە، ئەمە لەدەستدانی ئاسۆی مێژوییەو، لادانە لە شوێنەوارەکانی مارکسیزم.

کەسانی واهەن وتەکانی مارکس بە نمونە دێننەوە، لە وتارەکەی بە سەردێڕی"سان ماکس" بە نمونە دێننەوە، کەلەوێدا گوتراوە بۆرژوا "زمانی خۆی " هەیە، ئەم زمانەش "بەرهەمی بۆرژوایە"، تیرو پڕە لە گیانی بازرگانی، گیانی فرۆشتن و کڕین. هەندێ لە هاورێیان دەیانەوێ بەم وتانە بیسەلمێنن کە مارکس جەختی لەسەر"سروشتی چینایەتی" زمان کردۆتەوە، ئینکاری بوونی زمانێکی نیشتیمانی دەکات. جا ئەگەر ئەو هاوڕێیانە هەڵوێستێکی بابەتییان لەئاست ئەم مەسەلەیەدا بگرتایەبەر، لەسەریان پێویستبوو کە هەروا بڕگەیەکی دیکەی وتارەکە بێننەوە، کە هەر لە وتاری "سان ماکس" دا، مارکس باسی ئەو رێگەیانەی کردووە کە دەبنە هۆی پێکهێنانی یەک زمانی نیشتیمانی، لەبارەی"ناوەندگیریی زاراوەکان لە زمانێکی نیشتیمانیدا، بەپێی ناوەندگیریی ئابوری و سیاسی ".

کەواتە مارکس ئەوەی بڕیارداوە کە بوونی زمانێکی نیشتیمانی پێویستە بەوەی کە شێوازێکی بڵندترەو هەموو زاراوەکان کە شێوازی نزمترن ملکەچیدەبن.

لەم بارودۆخەدا، زمانی بۆرژوا چی دەنوێنێت لە کاتێکدا بەپێی وتەکانی مارکس" بەرهەمی بۆرژوایە"؟

ئایا مارکس وایدادەنا کە زمانێکی وەک زمانی نیشتیمانییە، پێکهاتەی زمانەوانیی خۆی هەیە؟ ئایا دەکرا بە زمانێکی لەم جۆرەی دابنێت؟ نەخێر، بەهیچ جۆرێک، مارکس تەنیا دەیویست ئەوە بڵێت کە بۆرژواکان زمانە نیشتیمانییەکەیان پڕکردووە لە وشەکانی خۆیان، وشەکانی بازرگانان، کەواتە بۆرژواکان زمانی تایبەتیی خۆیان هەیە، زمانی بازرگانان.

کەواتە، وادەردەکەوێت کە ئەو هاوڕێیانە هەڵوێستەکەی مارکسیان شێواندووە، بۆیە شێواندویانە چونکە نەک وەک مارکسی لە مارکس وەردەگرن، بەڵکو وەک خوێندەوارانی ئاسایی(٣) شۆڕ نابنەوە بۆ قوڵایی ناوەرۆکی مەسەلەکە. هەروا لەئەنگلس وەردەگرن، لەو نامیلکەیەی بە سەردێڕی: "بارو دۆخی چینی کرێکار لە (ئینگلتەرا)"، ئەو بڕگانە وەردەگرن کە تێیاندا هاتووە: "چینی کرێکاری ئینگلیز بەرە بەرە بۆتە گەلێک جودا لە بۆرژوای ئینگلیز" و، "کرێکاران بە زاراوەیەکیتر دەدوێن، بیروڕاو تێگەیشتنی دیکەیان هەیە، داب و نەریتی دیکەیان هەیە، سەرەتایەکانی ڕەوشتی دیکەیان هەیە، ئاینێکیترو سیاسەتێکیتریان هەیە، جیا لەوانەی بۆرژوا". بەهێنانەوەی ئەمانە هەندێ لە هاوڕێیان دەگەنە ئەو بە ئەنجامگەیشتنەی کە ئەنگلس پێویستیی بوونی زمانێکی هاوبەش بۆ هەموو گەل ئینکاردەکات و، دواجار جەختی لەسەر"سروشتی چینایەتی" زمان دەکردەوە. لە ڕاستیدا ئەنگلس لێرەدا باسی زمان ناکات بەڵکو باسی زاراوەدەکات، زۆر چاک هەستی بەوەکردووە کە زاراوە بەو پێیەی لقێکە لە زمانی نیشتیمانی، ناکرێت جێگای زمان بگرێتەوە. بەڵام پێدەچێت ئەو هاوڕێیانە بە هیچ جۆرێک حەز لەبوونی جیاوازیی نێوان زمان و زاراوە ناکەن...

ئاشکرایە، کە ئەم بە نمونە هێنانەوەیە لەجێگای خۆیدا نییە، چونکە ئەنگلس لێرەدا باسی "زمانە چینایەتییەکان"ی نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی باسی بیروڕای چینایەتی دەکات: دەربارەی تێگەیشتن و نەریتەکان و، سەرەتایەکانی ڕەوشت و، ئاین و سیاسەت. بەتەواوی ئەوە ڕاستە، کە بیروڕاو تێگەیشتن و نەریت و سەرەتایەکانی ڕەوشت و ئاین و سیاسەت لای بۆرژواکان و پرۆلیتارەکان لە بنچینەوە جیاوازو دژ بە یەکترن. بەڵام لێرەدا زمانی نیشتیمانی چی هەیە بەسەر"سروشتی چینایەتی" زمانەوە؟

ئایا دەکرێت بوونی ناکۆکییەکانی چینایەتی لە کۆمەڵدا بکرێتە بەهانەیەک بۆ قازانجی" سروشتی چینایەتیی" زمان یاخود لەدژی پێویستی بوونی یەک زمانی نیشتیمانی؟ مارکسیزم دەڵێت: یەکبوونی زمان یەکێکە لە گرنگترین نیشانەکانی نەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەتەواوی ئەوەش دەزانێت کە لەناو نەتەوەدا ناکۆکیی چینایەتی هەن، جا ئاخۆ ئەو هاوڕێیانەی پێشوو باسمانکردن دان بەم تێئۆرییە مارکسییەدا دەنێن؟

ئینجا نمونە لە "لافارغ" دەهێننەوەو دەڵێن ئەویش، لە نامیلکەکەیدا بەسەردێڕی"زمانی فەرەنسی لە پێش شۆڕش و لەدوای شۆڕش" دانی بە "سروشتی چینایەتی" زماندا ناوەو، .ئینکاری پێویستی زمانێکی نیشتیمانی بۆ هەر گەلێک دەکات. ئەمەش ڕاست نییە

لەڕاستیدا لافارغ باسی زمانی "ئەشرافەکان" یان زمانی "ئاریستۆکراتەکان" دەکات، باسی زمانی تایبەتیی توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگادەکات. بەڵام ئەو هاوڕێیانە ئەوە لەبیرخۆیان دەبەنەوە کە لافارغ بایەخ بە مەسەلەی جیاوازیی نێوان زمان و پەیڤینی تایبەتی نادات و، هەندێجار زاراوەکان بە"زمانی داتاشراو" ناودەبات و، هەندێجار بە "زمانی تایبەتی" ناودەبات، لە نامیلکەکەشیدا بە روونی رایگەیاندووە کە "ئەو زمانە داتاشراوەی ئاریستۆکراتەکان... لە زمانی "ڕەشە خەڵکەکەوە" دەرهێنراوە کە بۆرژواو پیشەگەرەکان و هەروا شارو لادێ قسەی پێدەکەن". دواجار، لافارغ دانیناوە بە بوونی زمانێکی هاوبەش بۆ هەموو گەل و پێویستیی ئەو زمانە، زۆر باش هەستی بە جیاوازییەکانی "زمانی ئاریستۆکراتەکان" کردووە، هەروا زمانە تایبەتییەکانیتر کە .ملکەچ و وابەستەی زمانەکەی هەموو گەلن

لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە نمونە هێنانەوەی لافارغ نیشانی نەپێکاوە. هەروا بەهانەو بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە، دەرەبەگەکانی ئینگلیز، لە سەردەمێکی ئینگلتەرادا "چەند سەدەیەک" بە زمانی فەرەنسی قسەیان کردووە، لەکاتێکدا گەلی ئینگلیز بەزمانی ئینگلیزی قسەی کردووە، ئەم ڕاستییەش دەکەنە بەڵگە بۆقازانجی " سروشتی چینایەتیی" زمان و، لەدژی پێویستی بوونی زمانێک بۆ هەموو گەل. بەڵام ئەمەش بەڵگەنییە، بەڵکو لەڕاستیدا نوکتەیە. یەکەم، هەموو دەرەبەگەکان لەو سەردەمەدا بە فەرەنسی قسەیان نەدەکرد، بەڵکو ژمارەیەکی کەمی بێبایەخی گەورە دەرەبەگەکانی ئینگلیز لەتەختی پاشاو لە میرنشینەکان قسەیان پێدەکرد. دووەم ئەوانە بە "زمانێکی چینایەتی" قسەیان نەدەکرد، .بەڵکو بەزمانی فەڕەنسیی ئاسایی، بەزمانی هەموو گەلی فەڕەنسا قسەیان دەکرد

سێیەم، ئاشکرایە کە ئەم حەزکردنە لە زمانی فەڕەنسی لەناوچوو، بێ ئەوەی پاشماوەیەک جێبهێڵێ، جێگەشی چۆڵکرد بۆ زمانی ئاسایی هاوبەشی هەموو گەلی

ئینگلیز. جا ئایا ئەو هاوڕێیانە باوەڕیان وایە کە دەرەبەگە ئینگلیزەکان بەدرێژایی چەندان سەدە، لە گەڵ گەلی ئینگلیزی، بەهۆی وەرگێڕانەوە لێکتێدەگەیشتن و، ئەوان زمانی ئینگلیزییان بەکارنەدەهێناو، ئەوکاتە زمانێکی ئینگلیزی بۆ هەموو گەل نەبوو. ئەوکاتە لە ئینگلتەرا، زمانی فەڕەنسی نوێنەرایەتی شتێکی جیدییوو زیاتر لە زمانی هۆڵەکان کە تەنیا لەلایەن ئەڵقەیەکی تەنگەبەری ئاریستۆکراسی گەورەوە بەکاردەهێندرا؟ چۆن دەکرێ، بەمجۆرە "بەهانە" پێکەنیناوییە، بوون و پێویستیی زمانێکی گشتیی هاوبەش بۆ هەموو گەل ئینکار بکرێت؟

هەروا ئاریستۆکراتە رووسەکانیش، رۆژگارێک لە تەختی تسارەکان و لە هۆڵەکاندا بۆ خۆشڕابواردن بە زمانی فەرەنسی دەدوان. شانازییان دەکرد کە لەکاتی پەیڤینیاندا بە زمانی رووسی وشەی فەرەنسیشیان لەدەم دەردەچێت، وتەنیا بە ئاکسێنتی فەرەنسی نەبێت ناتوانن بە رووسی بپەیڤن. جا ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کاتە لە رووسیادا زمانێکی رووسیی هاوبەش بۆ هەموو گەل نەبوویێت و، زمانی هاوبەشی گەل لە ڕاستییەوە دووربووەو، "زمانی چینەکان" ڕاستییەکی هەستپێکراوبووە؟

:هاوڕێیانمان لێرەدا بەلای کەمەوە دوو هەڵە دەکەن

هەڵەی یەکەم: ئەوان زمان و سەرخان تێکەڵدەکەن، چونکە باوەڕیان وایە ئەگەر سەرخان سروشتێکی چینایەتیی هەبێت، کەواتە زمانیش دەبێ بۆ هەموو گەل هاوبەشنەبێت، بەڵکو دەبێ سروشتێکی چینایەتی هەبێت. بەڵام من لەمەوبەر گوتم، زمان و سەرخان دوو تێگەیشتنی جیاوازن، کەسێکی مارکسی ناتوانێت تێکەڵکردنیان پەسند .بکات

هەڵەی دووەم: ئەو هاوڕێیانە لە بەرهەڵستیی نێوان بەرژەوەندەکانی بۆرژواو بەرژەوەندەکانی پڕۆلێتاریاو خەباتی چینایەتیی گەرمی نێوانیان، واتێدەگەن کە لێکهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگایە، وەک بریتیبێن لە پچڕاندنی هەموو پەیوەندییەکانی نێوان چینە نەیارەکان. بەڕای ئەوان لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا لێکهەڵوەشاوەتەوەو، کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو نەماوەتەوە، بەڵکو تەنیا چینەکان هەن ئیتر پێویستیش نەماوە بە زمانێکی .یەکگرتوو بۆ کۆمەڵگا، هیچ پێویستییەک نەماوە بۆ زمانێکی نیشتیمانی

جا ئەگەر کۆمەڵگا هەڵوەشابێتەوەو، زمانێکی نیشتیمانیی هاوبەش بۆ هەموو گەل نەمابێتەوە، ئیتر چی دەمێنێتەوە؟ چینەکان و "زمانە چینایەتییەکان" دەمێننەوە. جا ئیتر پێویست بە گوتن نییە کە هەر "زمانێکی چینایەتی" زانستی ڕێزمانی چینایەتی خۆی دەبێت، زانستێکی رێزمانی "پڕۆلێتاری" و زانستێکی ڕێزمانی "بۆرژوازی". ڕاستە کە

ئەم دوو زانستە زمانەوانییە لەڕاستیدا بوونیاننییە، بەڵام ئەمە ئەو هاوڕێیانە بێزار ناکات: ئەوان لەو باوەڕەدان کە ڕۆژێک دەبێ ئەم دوو زانستە زمانەوانییە پەیدابین.

لای ئێمە لەڕۆژگارێکدا "مارکسیی" وامان هەبوون جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەو هێڵی شەمەندوفەرانەی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە وڵاتی ئێمەدا ماونەتەوە بۆرژوازین و شایانی ئەوەنین ئێمەی مارکسی، بەکاریان بێنین، ئەرکمان وا دەخوازێت کە لەناویانبەرین و هێڵی شەمەندوفەری نوێی "پرۆلیتاری" دروست بکەین. لەبەر ئەوە ناوی "ترۆگلۆدیت"(٤) بەسەریاندا برا.

پێویست بە گوتنناکات کە ئەم بیروباوەڕە گێرەشێوێنییە سەرەتاییە لەبارەی کۆمەڵگاو لەبارەی چینەکان ولەبارەی زمانەوە هیچ شتێک لەگەڵ مارکسیزم کۆیان ناکاتەوە. بەڵام ئەوە هیچ گفتوگۆی پێناوێت کە ئەم چەشنە بیروڕایانە هێشتا هەر ماون، هێشتا لەسەری هەندێ لە هاوڕێیانماندا دەژین کە ڕێگەیان هەڵەکردووەو لەو مەسەلەیەدا شڵەژاون.

دیارە هیچ ڕاستنیە کە بەهۆی خەباتی چینایەتیی توندەوە کۆمەڵگا لەبەریەک هەڵوەشابێت و، بووبێتە چەند چینێک کە لەناو سنگی کۆمەڵگەکەدا لەرووی ئابورییەوە بە یەکترەوە هاوپەیوەندنەبن. بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە، لەبەر ئەوەی سەرمایەداریی هەیە بۆرژواو پرۆلیتارەکان بەیەکەوە هاوپەیوەنددەبن و بە هەموو داوەکانی ئابوریی پێکەوە دەبەسترێنەوە وەک ڕەگەزی یەک کۆمەڵگەی سەرمایەداری. بۆرژواکان ناتوانن بژین و دەوڵەمەندبن ئەگەر کرێکارانی کرێگرتە لەژێر دەستیاندانەبن. پرۆلیتارەکانیش ناتوانن بمێننەوە ئەگەر لای سەرمایەداران کارنەکەن. پچڕاندنی هەموو پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیان واتە پچڕاندنی هەموو بەرهەمێک و ئەمەش دەبێتە هۆی مردنی کۆمەڵگا، مردنی چینەکان خۆیان. ئاشکرایە کە هیچ چینێکیش نییە بیەوێت فەرمانی نەمان و لەناوچوون بەسەر خۆیدا بدات. لەبەرئەمە خەباتی چینەکان چەند بگەنە توندبوون ناکرێ ببنە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا. نەزانینی مەسەلەکانی مارکسیزم و تێنەگەیشتنی تەواوی لە سروشتی زمان، ئەمانە بەتەنیا، دەتوانن لای هەندێ لە هاوڕێیانمان ببنە پیشاندانی چیرۆکی لێکهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگاو، زمانە"چینایەتیەکان" و ڕێزمانی "زانستی زمانی "چینایەتی.

ئینجا ئاماژە بە لێنین دەکەن و ئەوە باسدەکەن کە دانیناوە بە بوونی دوو رۆشنبیری لە سایەی سەرمایەداریدا. رۆشنبیریی بۆرژواو، ڕۆشنبیریی پرۆلیتاریاو، دەڵێت: دروشمی ڕۆشنبیریی نیشتیمانی لەسایەی سەرمایەداریدا دروشمێکی نەتەوەییە.

هەموو ئەمانە ڕاستن و، لێنین لێردا بەتەواوی ڕاست دەڵێت. بەڵام لێرەدا چی پەیوەندی بەسەر"سروشتی چینایەتی" زمانەوە هەیە؟ ئەوهاوڕێیانە بەئاماژەکردنیان بۆ وشەکانی لێنین لەمەڕ دوو ڕۆشنبیری لەسایەی سەرمایەداریدا، وەک ئاشکرایە، دەیانەوێ خوێنەر بەوە قایل بکەن کە بوونی دوو ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا- ڕۆشنبیری بۆرژواو ڕۆشنبیری پرۆلێتاریا- مانای وایە کە پێویستە لە کۆمەڵگەدا دوو زمان هەبن، چونکە زمان هاوپەیوەندە لەگەڵ ڕۆشنبیریداو، دواجار، باسی پێویستیی بوونی یەک زمانی نیشتیمانی دەکات، کەواتە لێنین باسی" زمانە چینایەتییەکان" دەکات.

هەڵەی ئەو هاوڕێیانە لێرەدا ئەوەیە، وەک یەک تەماشای زمان و ڕۆشنبیری دەکەن و تێکەڵیان دەکەن. بەڵام لەڕاستیدا ڕۆشنبیری و زمان دووشتی لێکجیاوازن، دەشێ ڕۆشنبیری بۆرژوازی یان سۆسیالیستییێت. بەڵام زمان کە ئامرازێکە بۆ پەیوەندی، هەمیشە زمانێکی هاوبەشە بۆهەمووگەل، دەکارێ خزمەتی رۆشنبیری بۆرژواو ڕۆشنبیری سۆسیالیستی بکات. ئایا ئەوە ڕاستییەک نییە کە، زمانەکانی رووسی وئۆکرانی و ئۆزبەکی خزمەتی رۆشنبیری ئەم نەتەوانەدەکەن، وەک چۆن لە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا خزمەتی رۆشنبیرییە بۆرژوا- کەیانیان دەکرد؟ ئەو هاوڕێیانە هەڵەیەکی زۆر گەورەدەکەن کە جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە گوایە بوونی دوو ڕۆشنبیری جیاواز دەبێتە هۆی دروستبوونی دوو زمانی جیاوازو، ئینکارکردنی پێویستی یەک زمان. لێنین لەوتەکانیدا دەربارەی دوو ڕۆشنبیری، رێک و ڕەوان لەو تێئۆرییەوە دەستپێدەکات کە دەڵێت ناکرێت بوونی دوو ڕۆشنبیری ببێتە هۆی ئینکارکردنی یەک زمان و ببێتە هۆی دروستبوونی دوو زمان، زمان هەردەبێ یەکێکبێت. کاتێکیش"بوندییەکان"(٥) لێنینیان بەئینکارکردنی پێویستیی زمانی نیشتیمانی تاوانباردەکردو بەوپێیەی کە ڕۆشنبیری شتێکی"نانیشتیمانییە"، ئاشکرایە کە لێنین زۆر بە توندی بێزاری لەم تاوانبارکردنەی دەربڕی و، ڕایگەیاند کە ئەو بەگژ رۆشنبیریی بۆرژوادا دەچێتەوە نەک زمانی نیشتیمانی کە پێداویستییەکەی شتێکە دەمەقاڵێی پێناوێت. کارێکی زۆر سەیرە کەهەندێ لە هاوڕێیانمان بە شوێنپێ هەڵگرتنی بوندییەکان دەستپێبکەن.

بەڵام سەبارەت بە یەک زمان کە لافی ئەوەیان لێدەدا کە لێنین بە پێویستی نەزانیوە، باشترە گوێ لەم وشانەی لێنین بگرین: "زمان ئامڕازێکی بنچینەییە بۆ پەیوەندیی نێوان خەڵک. یەکێتیی زمان و پەرەسەندنی بەبێ ڕێگر دوو مەرج پێکدێنن، لە مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانیی بەڕاستی ئازادو، بەڕاستی فراوان، کە ڕێک بەرانبەر سەرمایەداریی هاوچەرخن و، بۆ کۆکردنەوەی دانیشتوان، لەناو چینە

جیاوازەکاندا، بە جۆرێکی ئازادو فراوان"، کەواتە ئەو ئەنجامە دەردەکەوێت کە هاوڕێیانمان باری سەرنجەکانی لێنینیان شێواندووە.

دواجار ئاماژە بە ستالین دەکەن و، ئەو وشانەی ستالین وەردەگرن کە دەڵێت"بۆرژواو حیزبە نەتەوەپەروەرەکانیان لەمەوبەرو ئیستاش لەم سەردەمەدا، هێزی سەرەکین کە سەرکردایەتی نەتەوەکان دەکەن". هەموو ئەمانەش ڕاستن. بۆرژواو حیزبە نەتەوەییەکەیانن لە ڕاستیدا سەرکردایەتی ڕۆشنبیری بۆرژوازی دەکەن، هەروا پڕۆلێتارياو حیزبە نێونەتەوەییەکەی سەرکردایەتی ڕۆشنبیریی پڕۆلێتاری دەکەن. بەڵام لێرەدا "سروشتی چینایەتی" زمان چی بەسەر ئەمەوە هەیە؟ ئایا ئەو هاوڕێیانە نازانن زمانی نیشتیمانی شێوەیەکی ڕۆشنبیریی نیشتیمانییەو، زمانی نیشتیمانی دەتوانێ خزمەتی هەردوو ڕۆشنبیری بۆرژوازی و ڕۆشنبیری سۆسیالیستی بکات؟ هاوڕێیانمان ئەو دارشتنە نازانن کە لای مارکسییەکان زۆر زانراوە، ئەوەیە کە رۆشنبیرییەکانی ئێستای رووسی و ئۆکرانی و بێلۆرووسی و ئەوانیتر لەناوەرۆکدا سۆسیالیستین و بەشێوە نیشتیمانین واتە بە زمان؟ ئایا ئەوان قایلن بەم دارشتنە مارکسییە؟

هەڵەی هاوڕێیانمان لەوەدایە جیاوازی نێوان ڕۆشنبیری و زمان نابینن وهەست بەوە ناکەن کە ناوەرۆکی ڕۆشنبیری، لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگادا، دەگۆردرێت، بەڵام زمان لە بنچینەداو بەدرێژایی چەندان قۆناغ، هەر ئەو زمانە دەمێنێتەوەو وەک یەک خزمەتی ڕۆشنبیری نوێ و کۆن دەکات.

کەواتە:

أ- زمان، بەوەی کە ئامرازێکە بۆ پەیوەندی، هەمیشەو هێشتا یەک زمانە بۆ کۆمەڵگاو، هاوبەشە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا.

ب- بوونی زاراوەکان و زاراوە پیشەیی و ناوچەییەکان ئەوە ناداتە دواوە، بەڵکو جەخت لەسەر بوونی زمانێک بۆ هەموو گەل دەکاتەوە، کە ئەم زاراوانەو زاراوە پیشەیی و ناوچەییانە لق و پۆپ و سەربە زمانەکەن.

ت- دارشتنی "سروشتی چینایەتی" زمان دارشتنێکی هەڵەیەو، مارکسی نییە.

پرسیار: نیشانە جیاکەرەوەکانی زمان چێن؟

وەڵام: زمان لەڕیزی ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییانەدایە کە بە درێژایی بوونی کۆمەڵگا دەردەکەون. لەگەڵ پەیدابوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگادا پەیدا دەبن و پەرەدەسێنن،

ئەویش لەو کاتەدا دەمرێت کە کۆمەڵگای تێدا بمرێت. لەدەرەوەی کۆمەڵگا هیچ زمانێک نابێت.

لەبەر ئەمە ناتواندرێت لەزمان و قانونەکانی پەرەسەندنی بگەین، بەبێ لێتوژینەوەی زمان بە پەیوەندی توندوتوڵ لەگەڵ مێژوی کۆمەڵگا، لەگەڵ مێژوی ئەو گەلەی کە زمانە لێتۆژراوەکەی هەیەو هەرخۆی دروستکارو هەڵگرێتی.

زمان هۆکارێک و، ئامرازێکە، بەهاریکاریی ئەم خەڵکە کە پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن و، بیروڕایان ئاڵوگۆڕدەکەن و، تادەگەنە ئەوەی یەک لەیەکتری تێبگەن. زمان کە ڕاستەوخۆ هاوپەیوەندە لەگەڵ بیر، لە وشەکاندا تۆمارو جێگیردەکرێت و هەروا لەو بڕگانەی لەوشەکان دروستدەکرێن و، لە ئەنجامەکانی کاری بیرو سەرکەوتنەکانی کاری مرۆڤ لەپێناو فراوانکردنی زانیارییەکانیداو، بەم چەشنە ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لەتوانادایە.

ئاڵوگۆڕی بیروڕا پێویستیەکی هەمیشەیی و ژیارییە، بەبێ ئەوە مەحاڵدەبێت کاروباری هاوبەشی خەڵک لە خەباتدا دژی هێزەکانی سروشت و، لە خەباتدا بۆ بەرهەمهێنانی خێروێری ماتێریاڵی پێویست ڕێکبخرێت و، مەحاڵە سەرکەوتن لە چالاکیی بەرهەمهێنەرانەی کۆمەڵگادا بهێندرێنەدی، بەمجۆرە، تەنانەت بوونی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی مەحاڵدەبێت. دواجار، بەبێ بوونی زمانێکی لێکتێگەیشتن لەکۆمەڵدا، کە هاوبەشبێت بۆ هەموو ئەندامەکانی، کۆمەڵگا لەبەرهەمهێنان دەوەستێ و لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوەو، وەک کۆمەڵگا نامێنێت. لەمبارەیەشەوە، لەبەر ئەوەی زمان ئامڕازی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکە، هەر لەو کاتەشدا، ئامڕازێکی خەبات و پەرەسەندنی کۆمەڵگایە.

ئاشکرایە کە هەموو وشەکانی ناو زمانێک پێکەوە ئەوە پێکدەهێنن کە پێیدەگوترێت (فەرهەنگەکەی(٦.

شتی بنچینەیی لە فەرهەنگی زماندا، بریتیە لە ناوەرۆکی سەرەکیی فەرهەنگەکە، کە ناوەرۆکەکەی لە هەموو وشە ڕەسەنەکان پێکدێت. ئەم ناوەرۆکە سەرەکییە لە گشت فەرهەنگی زمانەکە، زۆر کەمتر فراوانە، بەڵام زۆرو لەماوەی چەند سەدەیەکدا دەژین و، وەک بنچینەیەک خزمەتی دروستبوونی وشەی نوێ دەکەن.

فەرهەنگ شێوەی بارودۆخی زمانەکە دەردەخات: چەند فەرهەنگ زۆرتر دەوڵەمەندو پەرەسەندووبێت، ئەوەندەش زمانەکە زۆرتر دەوڵەمەندو پەرەسەندوو دەبێت.

بەڵام ئەگەر فەرهەنگ بە تەنیا وەربگرین، زمان پێکناهێنێت، بەڵکو کەرەستەی پێکهێنانی زمانەکەیە. وەک چۆن کەرەستەی دروستکردنی خانو خودی خانوەکەنییە، هەرچەندە مەحاڵە بەبێ کەرەستە خانو دروست بکرێت، هەروەها فەرهەنگیش زمانەکەنییە، هەرچەندە هێچ زمانێک بەبێ فەرهەنگ نابێت. بەڵام فەرهەنگ کاتێک بایەخێکی گەورەی هەیە کە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی زانستی زمانەوە، کە ڕێزمانەکە دیاری دەکات کە ئەمیش ئاڵوگۆڕی وشەکان و پێکهێنانی بڕگە لێیان ڕێکدەخات و، بەمەش سروشتێکی گونجاو ماقووڵ دەداتە زمان. زانستی زمان(مێژوی ئاڵوگۆڕی وشەکان، ئاڵوگۆڕو ڕێزمان) بریتییە لەکۆمەڵێک ڕێزمان دەربارەی گۆڕینی وشەکان و دروستکردنی بڕگە لێیان. کەواتە، بەتەواوی لەسایەی زانستی زمانەوە، زمان توانای ئەوەی هەیە بەرگێکی ماتێریالی بەبەر بیروڕای مرۆڤایەتیدا بکات، کە ئەویش بەرگی زمانە.

خاسێتی جیاکەرەوەی زانستی زمان ئەوەیە ڕێزمانی ئاڵوگۆڕی وشەکان پێشکەشدەکات، بەبێ ئەوەی ئامانجی هەندێ وشەی دیاریکراوی ڕاستیبێت، بەڵکو ئامانجی وشەکانە بەشێوەی گشتی، بێ هیچ سروشتێکی ڕاستیی وشەکان، بێئەوەی بۆنمونە ئامانجی بکەرێکی هەستپێکراوی ڕاستیبێت و، کردارێکی هەستپێکراوی ڕاستەقینەبێت...تاد.، بەڵکو هەموو بڕگەکان بەشێوەی گشتی وەردەگرێت،بەشێوەی سەربەخۆ لەشێوەی هەستپێکراوی ڕاستیی ئەم یا ئەوبڕگەیە. کەواتە زانستی زمان، بەوەی تایبەتی و ڕاستی دەخاتەلاوە، واتە چ لە وشەکان یان لە بڕگەکاندا، ئەوە وەردەگرێت کە گشتییە لەبنچینەی ئاڵوگۆڕی وشەکان و دامەزراندنیان لە بڕگەکاندا، لە مەشەوە، ڕێزمانە زانستییەکانی زمان و، قانونە زانستییەکانی زمان پوختەدەکرێت.

زانستیی زمان ئەنجامی کارێکی نابەرجەستە( ئابستراکت)ی دوورودرێژە، لەلایەن بیری مرۆڤەوە ئەنجامدراوەو نیشانەی سەرکەوتنە مەزنەکانی بیرە.

لەم لایەنەوە زانستی زمان وەک ئەندازیاری وایە کە بەبێ سەرنجدانی شتە ڕاستییەکان قانونەکانی دادەنێت، شتەکان بە تەنی ناماتێریاڵی و ناڕاستی دادەنێت و، لەنێوانیشیاندا پەیوەندی دیاری دەکرێن کە هەستپێکراونین لەنیوان شتە هەستپێکراوەکاندا بەڵکو پەیوەندیی نێوان تەنەکان بەشێوەی گشتی، تەنەکان بێبەشن لەگشت تایبەتمەندیەکی هەستپێکراوو ڕاستی.بەپێچەوانەی سەرخانەوە کەڕاستەوخۆهاوپەیوەندنییە لەگەڵ بەرهەمهێنان، بەڵکو بەهۆی ئابورییەوە، بەڵام زمان ڕاستەوخۆ هاوپەیوەندە لەگەڵ چالاکیی بەرهەمهێنەرانەی مرۆڤ، هەروا زمان هاوپەیوەندە لەگەڵ هەموو چالاکییەکی دیکەی مرۆڤ لەگشت بوارەکانی کارکردنیدا بەبێ جیاوازی. لەبەرئەمە قانونی زمان

زۆر بەتوندی هەست بەئاڵوگۆڕەکان دەکات و،لەبارودۆخی ئاڵوگۆڕێکی وادایە کە نزیک بە نە پچڕانە. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە زمان بەپێچەوانەی سەرخانەوە، چاوەڕوانی لەناوچوونی ژێرخانناکات و، لەپێش لەناوچوونی ژێرخانداو، بەسەربەخۆ لەبارودۆخی ژێرخان، ئاڵوگۆڕ دەخاتە ناو فەرهەنگەکەی.

بەڵام فەرهەنگی زمان، وەکو سەرخان، بەلەناوبردنی کۆن و دامەزراندنی نوێ، ناگۆڕدرێ بەڵکو گۆڕدرانەکەی بەوەدەبێ کە وشەکانی بە وشەی نوێ تەواودەکات، ئەو وشە نوێیانە لەئەنجامی ئاڵوگۆڕەکان لەسیستەمی کۆمەڵایەتیداو،لەئەنجامی پەرسەندنی بەرهەم و ڕۆشنبیری و زانستدا پەیدادەبن ...تاد. لەکاتێکدا کە ژمارەیەک لە وشە کۆنبووەکان لە فەرهەنگی زماندا نامێنن، هەرلەو کاتەشدا ژمارەیەکی زۆرتر لە وشەی نوێ دەخرێنە سەر فەرهەنگەکە. بەڵام ناوەرۆکی بنەڕەتیی فەرهەنگی زمان، وەک خۆی دەمێنێتەوەو وەک بنچینەی فەرهەنگی زمان بەکاردەهێندرێت.

تێگەیشتنی ئەمەش ئاسانە. هیچ پێویستییەک لە ئارادا نییە بۆ روخاندنی ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگ لەکاتێکدا دەتوانرێ لەماوەی زنجیرەیەکی درێژی قۆناغە مێژووییەکاندا بە سەرکەوتوویی بەکاربهێندرێت، ئەمە جگەلەوەی روخاندنی ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگ کە بەدرێژایی چەند نەوەیەک کەڵەکەبوون، دەبێتە هۆی پەککستنی زمان و تێکوپێکدانی تەواویی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک، چونکە مەحاڵە بتواندرێ لە ماوەیەکی کورتدا ناوەرۆکێکی بنچینەیی نوێ بۆ فەرهەنگەکە پێکبهێندرێت.

هەروا سیستەمی رێزمانیش لە زماندا دێتە گۆڕین، بەڵام زۆر لەسەرخۆتر لە گۆڕینی ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگ، سیستەمی ڕێزمان کە لە ماوەی چەندان نەوەدا پێکهاتووەو، بۆتە تانوپۆی زمان، بەچەشنێکی زۆر لەسەرخۆتر لەگۆڕینی ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگ دەگۆڕدرێت. راستە کەلەگەڵ ڕۆژگاردا گۆڕینی بەسەردادێت و، تەواودروستدەبن، ڕێزمانەکەی برەو باشتربوون و وردبینی دەڕوات و، بە رێزمانی نوێ دەوڵەمەند دەبێت، بەڵام بیناغەی ئەم سیستەمەی ڕێزمان بۆ قۆناغی زۆر درێژتری رۆژگار دەمێنێتەوە، چونکە وەک مێژوسەلماندویەتی دەتوانێت بە سەرکەوتوویی ولەچەندان سەدەدا، خزمەتی کۆمەڵگا بکات.

بەمجۆرە، دامەزراندنی ڕێزمان و ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگ بنچینەی زمان و جەوهەری خاسێتە تایبەتەکانی پێکدەهێنن.

مێژو سەقامگیرییەکی مەزن وبەرگرییەکی بەهێزی بۆ زمان تۆمارکردووە لەدژی بەزۆرهەرسکردنی(٧). هەندێ لە مێژونووسەکان سەرسامیی خۆیان لەم دیاردەیە

دەربڕیوە، لەبری ئەوەی ڕوونی بکەنەوەو لێکی بدەنەوە، بەڵام لەم مەسەلەیەدا هیچ هۆکارێک نییە بۆ سەرسامی. سەقامگیری زمان بە سەقامگیری سیستەمی ڕێزمانەکەی و ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگەکەی لێکدەدرێتەوە. هەرسکارانی تورک خۆیان بەدرێژایی چەند نەوەیەک لە کۆششابوون بۆ ئەوەی زمانەکانی گەلانی باڵکان پەکبخەن و، ئەم زمانانە داڕمێنن و لەناویانبەرن. لەم قۆناغەشدا زۆر ئاڵوگۆڕی گرنگ بەسەر فەرهەنگەکانی زمانە باڵکانییەکانداهاتن، زۆر وشەو دەربڕینی جۆربەجۆری تورکییان پەسەندکرد. چەندان "ڕێکەوتن" و "جیاوازی" ڕوویاندا، بەڵام وێڕای ئەوەش زمانە باڵکانییەکان بەرگرییانکردو، مانەوە. لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی سیستەمی ڕێزمانی زمانەکەو ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگی ئەم زمانانە بەهێڵە گەورەکانیان، خۆیان پاراست. لەگشت ئەمانەوە دەگەینە ئەوبەئەنجامگەیشتنەی کە ناکرێ زمان و دروستبوونی وادابنرێن بەرهەمی چەرخێکن لە چەرخەکان. بەڵکو بنیاتنانی زمان وسیستەمی ڕێزمانەکەی و ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگەکەی، بەرهەمی چەندان سەردەمن. ڕاستیشە وادابنرێت کە ڕەگەزە نوێیەکانی زمان لە چەرخە دێرینەکانەوەو لە پێش سەردەمی کۆیلایەتیدا، دروستبوون. لەو ڕۆژگارانەدا، ئاڵۆزیی زمان کەمبوون، خاوەنی فەرهەنگێکی هەژاربوون، بەڵام سیستەمی ڕێزمانی تایبەتییان هەبووە، کە لە ڕاستیدا سەرەتایی بووە، بەڵام

.وێرای ئەوەش، سیستەمێکی ڕێزمانیبوو

پەرەسەندنی بەرهەمهێنان لە پاشداو، دەرکەوتنی چینەکان و، دەرکەوتنی زمانی نووسین و، دامەزراندنی دەوڵەت کە لە بەڕێوەبردنیدا، پێویستی بە پەیامنێریی ڕێکوپێک هەیەو، پەرەسەندنی بازرگانی کە ئەویش پێویستییەکی زۆرتری بە پەیامنێریی ڕێکوپێک هەیەو، دەرکەوتنی ئامرازەکانی چاپکردن و، پەرەسەندنی ئەدەب، هەموو ئەم ڕاستییانە بوونە هۆی ڕوودانی ئاڵوگۆڕ بەدەستپێشخەریی دەسەڵات، لەگەڵ لایەنگیرییەکی مەزنی جەماوەر لەپەرەسەندنی زماندا. لەمەشدا، خێڵەکان وگەلان دابەشدەبن ولەیەکتری جیادەبنەوە، تێکەڵ بە یەکتردەبن و لەگەڵ یەکتر تێکدەئاڵێن و، لەپاشدا زمانە نیشتیمانییەکان و دەوڵەتە نیشتیمانییەکان دەرکەوتن و، کودەتای شۆڕشگێڕی ڕوویانداو، ڕێژیمە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان گۆڕدران بە ڕێژیمی نوێ. هەموو ئەم ڕووداوانە .ئاڵوگۆڕی زۆرتریان بەسەر زمان و پەرەسەندنی زمانداهێنا

بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە باوەڕبکرێت کە پەرەسەندنی زمان وەک پەرەسەندنی سەرخان ڕوویداوە: بە ڕووخاندنی ئەوەی هەیەو دامەزراندنی نوێ. لە ڕاستیدا، زمان پەرەی سەندووە، نەک بەڕووخاندنی ئەو زمانەی کە هەیەو دروستکردنی زمانێکی نوێ، بەڵکو

به پەرەسەندنی ڕەگەزە بنچینەییەکانی ئەو زمانەی کە هەیەو باش تێگەیشتنی ئەو ڕەگەزانە. دەبێت ئاماژەش بەوە بکرێت کە گواستنەوە لە چۆنێتی زمانەوە بۆ چۆنێتییەکیتر، نەبەڕێگەی تەقینەوە ڕوودەدات، نەبە ڕێگەی رووخاندنی یەکجارەکی کۆنبووەکەو دامەزراندنی نوێ، بەڵکو بەڕێگەی کەڵەکەبوونی ڕەگەزەکانی چلۆنایەتییەکی نوێ، ڕەگەزەکانی بنیاتنانی تازەی زمان، بەشێوەی کەڵەکە بوونی بەرەبەرەی لەماوەیەکی درێژی رۆژگارداو، بەڕێگای لەناوچوونی بەرەبەرەی ڕەگەزەکانی چلۆنایەتییە کۆنەکە.

دەشڵێن تێئۆری پەرەسەندنی زمان، بەچەند قۆناغێک، تێئۆریەکی مارکسییە چونکە داندەنێت بە پێویستی تەقینەوەی لەناکاو وەک مەرجێکی گواستنەوەی زمان لە چلۆنایەتی کۆنەوە بۆ تازە. بێگومان ئەمە هەڵەیە، زۆر گرانە تۆزێکیش بێت لە مارکسیزم، لەم تێئۆرییەدا ببینیتەوە. جا ئەگەرتێئوری پەرەسەندن بەچەندقۆناغێک، لەڕاستیدا داندەنێت بەتەقینەوەی  لەناکاو لە مێژوی پەرەسەندنی زماندا، ئەوە کاری خۆیەتی، بەڵام مارکسیزم داننانێت بەتەقینەوەی لەناکاودالە پەرەسەندنی  زماندا، هەروا داننانێت بە لەناوچوونی لەناکاوی ئەوزمانەی  کە هەیە، دانیشنانێت بە دروستبوونی لە ناکاوی زمانێکی نوێ دا. قسەکەی لافارغ راست نییە کە باسی "شۆڕشی لە ناکاوی زمان لەفەرەنسا لە ساڵانی ١٧٨٩و١٧٩٤"دادەکات.

بڕوانە نامیلکەکەی لافارغ "زمانی فەرەنسی لەپێش و لەدوای شۆڕشدا"). ئەوسەردەمە ) لەفەرەنسادا هیچ شۆڕشێکی زمان بەڵکو شۆڕشێکی لەناکاویش ڕووی نەداوە! ڕاستە لەو سەردەمەدا فەرهەنگی زمان، بە وشەی تازەودەربڕینی تازە، دەوڵەمەند بووەو، چەندان وشەی تێدا نەماوە. هەرئەمەبوو  روویدا،بەڵام ئەمجۆرە ئاڵوگۆڕە بەهیچ جۆرێک چارەنووسی زمان بڕیارنادەن و، شتی سەرەکی لەزمانێکدا بریتییە لە سیستەمی ڕێزمان و ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگەکەی.

بەڵام سیستەمی ڕێزمان و ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگی زمانی فەرەنسی لەسەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسادا لەناونەچوون. هەروا بەبێ ئاڵوگۆڕی گرنگ مانەوە. بەڵکو هەردووکیان نەک تەنیا مانەوەوبەس، بەڵکو ئیستاش لەزمانی هاوچارخی فەرەنسیدا، هەر ژیانیان بەردەوامە.  پێویستیشم بەوەنییە کە بڵێم لەپێناو پاکتاوکردنی زمانی ئیستاداو بۆ دامەزراندنی زمانێکی نیشتیمانیی نوێ (واتە بۆ  هێنانەدیی "شۆڕشێکی زمانەوانیی لەناکاو!") ماوەیەکی پێنچ تا شەش ساڵ ماوەیەکی زۆرکورتەو مایەی گاڵتەپێکردنە.چونکە ئەمە چەندەها سەدەی تەواوی پێدەوێت.

مارکسیزم وایداناوه کەگواستنەوەی زمانێک لە چلۆنایەتییەکی کۆنەوە بۆ چلۆنایەتیەکی نوێ، نە لە رێگەی تەقینەوەو نە لە ڕێگەی روخاندنی زمانە کۆنەکەو بنیاتنانی زمانێکی نوێوە پێکدێت، بەڵکو بەڕێگەی کەڵەکەبوونی بەرەبەرەی، ڕەگەزەکانی چلۆنایەتیەکی نوێوە پێکدێت، دواجار بە ڕێگای لە ناوچوونی، بەرە بەرەی، رەگەزی چلۆنایەتییە کۆنەکەوە.

بەشێوەی گشتی دەبێ ، بۆ وەڵامدانەوەی رەوتی ئەو هاوڕێیانەی شەیدای تەقینەوەکانن، بگوترێت کە قانونی گواستنەوە لە چلۆنایەتیەکی کۆنەوە بۆ چلۆنایەتیەکی نوێ بەڕێگەی تەقینەوە، نەک هەر ناکرێ لەسەر مێژوی پەرەسەندنی زمان پەیڕەوبکرێت و بەس، بەڵکو هەروەها هەمیشە بۆ پەیڕەوکردن بەسەر ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا ناشێت،چ مەسەلەکە هاوپەیوەندبێ لەگەڵ ژێرخان یان سەرخاندا. ئەم قانونەش بەزۆرەملێ دەبێ بۆ کۆمەڵگایەک کە دابەشبووبێت بە چەند چینێکی دژبەیەکەوە. بەڵام بەهێچ جۆرێک بە زۆرەملێ نییە بۆ کۆمەڵگایەک کە چینی دژەیەکی تێدانەبێت. ئێمە لە ماوەیەکداین لە نێوان هەشت ساڵ تا دەساڵ، کە کشتوکاڵی وڵاتەکەمان لە ڕێژیمی بۆرژوازییەوە گواستۆتەوە بۆڕێژیمی تەنیاکەسیی جوتیاری، بۆ ڕێژیمی کۆڵخۆزیی سۆسیالیستی. ئەمەش شۆڕشێکبوو ڕێژیمی ئابوری کۆنی بۆژوای لە لادێ لەناوبردو ڕێژیمێکی نوێی سۆسیالیستی هێنایە کایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وەرچەرخانە بنچینەییە لە ڕێگەی تەقینەوەوە رووی نەدا، واتە لە ڕێگەی هەڵگێرانەوەی دەسەڵاتەکەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نوێوە نەبوو، بەڵکوئەمە لەڕێگەی گواستنەوەی بەرەبەرەوە لە ڕێژیمی کۆنی بۆرژواوە لە لادیدا- لە گونددا بۆ ڕێژیمێکی نوێ رووی دا. ئێمەش لەم کارەدا سەرکەوتین، چونکە شۆڕشێکبوو لەسەرەوە، چونکە ئەم وەرچەرخانە بنچینەییە بە دەستپێشخەری ئەو دەسەڵاتەی کەهەیەو بەپشتگیریی جەماوەری بنچێنەیی جوتیاران هاتەدیی.

هەروا دەڵێن راستییە جۆربەجۆرەکان لە مێژودا سەبارەت بە پێکڕاچوونی زمانەکان بواری ئەوەدەدات وا گریمان بکرێت، کە لەو پێکڕاچوونەدا، زمانێکی نوێ بەڕێگەی تەقینەوە دروستبێت، لەڕێگەی گواستنەوەیەکی لەناکاو لە چلۆنایەتییە کۆنەکەوە بۆ چلنایەتیەکی نوێ. ئەمەش هەڵەیەکی تەواو ڕەهایە، ناکرێ پێکراچوونی زمانەکان بەتاقە کارێک دابنرێ، لە پێداکێشانێکی بڕیاردەرەوە پەیدابووبێت کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەنجام بدات بە دەستەوە. پێکڕاچوونی زمانەکان پڕۆسەیەکی درێژخایەنەو سەدان ساڵی پێدەچێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، ناکرێت مەسەلەکە لێرەدا مەسەلەی تەقینەوەبێت.

پاشان، هەڵەیەکی ڕەهایە باوەڕ بەوە بکرێت کە بۆ نمونە پێکڕاچوونی دوو زمان، زمانێکی سێیەم پێکدەهێنێت کە لەهیچ کامێک لەدوو زمانە پێکڕاچووەکە ناکات و، لەبارەی چلۆنایەتییەوە لە هەردوکیان جیاوازدەبێت. لەڕاستیدا وایە، بەهۆی پێکڕاچوونەکەوە، یەکێک لەو دوو زمانە بە سەرکەوتوویی دەردەچێت و ڕێزمان و ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگەکەی دەپارێزێت و، بەپێی یاساکانی پەرەسەندنی ناوخۆیی لەسەر پەرەسەندن بەردەوامدەبێت، لەکاتێکدا زمانەکەیتر بەرەبەرە چلۆنایەتیی خۆی لەدەستدەداو،بەرەبەرە لەناودەچێت. کەواتە، پێکڕاچوون زمانێکی سێیەمی نویێ بەرهەم ناهێنێت ، بەڵکو یەکێک لە دوو زمانەکە دەپارێزێت، ڕێوشوێنی ڕێزمانەکە ناوەرۆکی بنچینەیی فەرهەنگەکەی دەپارێزێت و، بواریدەدات بەپێی قانونەکانی ناوخۆیی پەرەسەندن پەرەبستێنێت.

ڕاستە فەرهەنگی زمانە سەرفرازەکە لەسەر حیسابی زمانە ژێرکەوتووەکە دەوڵەمەند دەبێت، بەڵام ئەمە زمانە سەرفرازەکە لاوازناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەهێزی دەکات.

هەر ئەمەشبوو لە زمانی ڕووسی ڕووی دا کە لەکاتی پەرەسەندنی مێژوییدا، چەند زمانێک واتە زمانی گەلانیتر، لەگەڵیدا پێکڕاچوون، بەڵام زمانی ڕووسی هەمیشە سەرفراز دەرچوو. ڕاستە فەرهەنگی زمانی ڕووسی لەمەدا لەسەر حیسابی وشەکانی زمانەکانیتر دەوڵەمەندبوو، بەڵام ئەم پرۆسەیە زمانی ڕووسیی لاوازنەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەوڵەمەندو پتەویکرد.

بەڵام ڕەسەنێتیی نیشتیمانی زمانی ڕووسی، کاریتێنەکراوە، چونکە زمانی ڕووسی بەڕێگەی پاراستنی سیستەمی ڕێزمانەکەی و ناوەرۆکی سەرەکیی فەرهەنگەکەی، لەسەر پێشکەوتن و بەخۆداهاتن، بەپێی یاسا ناوخۆییەکانی پەرەسەندن بەردەوامبووە.

گومانی تێدانییە کە، تێئۆریی پێکڕاچوون ناتوانێت شتێکی بەرچاو بە زانستی سۆڤیێتیی زمان پێشکەشبکات. ئەگەر بەڕاستی خوێندنەوەی قانونە ناوخۆییەکانی پەرەسەندنی زمان ئەرکی سەرەکی زانستی زمانبێت، دەبێ دانبەوەشدا بنێین کە تێئۆری پێکڕاچوون ئەم ئەرکە چارەسەرناکات، بەڵکو تەنانەت ناشیخاتە بەر باسکردن، چونکە بە وشەیەکی سادە بڵێین، سەرنجی نادات، یاخود هەر تێیناگات.

پرسیار: ئایا پراڤدا چاکیکرد گفتوگۆیەکی ئازادی لەسەر مەسەلەکانی زانستی زمان کردەوە؟

.وەڵام: بەڵێ پراڤدا چاکیکرد

ئەو ڕەوتانەی مەسەلەکانی زانستی زمانیان پێچارەسەر دەکرین، بەڕوونی دوای گفتوگۆیەکە دەردەکەون. بەڵام هەر لە ئێستاوە دەتواندرێت بگوترێت کە گفتوگۆیەکە زۆر بەکەڵکبووە. پێش هەمووشتێک ئەوەی پیشاندا، کە ڕێژیمێک شایانی زانست و زاناکان نییە، لەو دامەزراوانەدا باڵادەستە کە لە بواری زاستی زماندا کاردەکەن، چ لە ناوەند یان لە کۆمارەکان. تەنانەت سادەترین هەوڵ و تەقەلا بۆ رەخنەگرتن لەو باوەڕەی پێیدەگوترێ "باوەڕی نوێ" لە زانستی زماندا، سەرئەنجامی چەوسانەوەو خنکاندنە لە لایەن ئەو ناوەندانەی سەرکردەی بواری زانستی زمانن. زۆر لەوانەی لەناوماندا نرخدارن و لە بواری زانستی زماندا کاردەکەن، لە پلەکانیان لادەبران و، یان لە فرمانێکی نزمتردا دادەنران، تەنیا لەبەرئەوەی هەڵوێستێکی رەخنەگرانەیان دەگرتەبەر لەئاست کەلەپورەکەی ن.ج. مار. یان جۆرێک لە ناقایلیان لە باوەڕەکەی ن.ج.مار .دەردەبڕی

شتێک کە هەمووان دانیان پێداناوە ئەوەیە کە ناکرێ زانست پەرەسەندوو گەشاوەبێت بەبێ خەباتی نێوان بیرو بۆچوونەکان، بەبێ ئازادیی رەخنەگرتن.بەڵام ئەم بنکەیەی کەهەمووان دانیپێدادەنێن بێئابڕووانە دەخرایە پشتگوێ و ژێرپێ، کۆمەڵێک سەرکردەی دوورەپەرێز دروستبوون کە بێ هەڵەبوون و، دوای ئەوەی هەندێ کاروباریان جێبەجێ کردبوو دووربوون لەتوانای رەخنەلێگرتنیان و، بەئارەزوی خۆیان رەفتاریان دەکردو .جۆرەها کاری خراپیان دەکرد

ئەمەش نمونەیەک: ئەوەی ناویاننابوو "دەرسەکانی باکۆ" (وانە گوتنەوەکانی مار لە باکو)، کە دانەرەکەی خۆیشی بێزاری لێیان پیشاندابوو، سەرلەنوێ چاپکردنەوەیانی قەدەغەکردبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش چاپیان کردبۆوە، ئەمەش لەسەر فەرمانی دەستەی سەرکردەکان( کە بە هاوڕێ میشیچانۆڤ و زاناکانی دیکەی زمان ناویان دەبردن) گوتم .ڕەوتێکی ئاوها جۆرێکە لە تێکدەری

چۆن تواندرا ئەمە ڕوویدات؟ ئەمە بۆیەکا ڕووی دا چونکە ڕێبازی "ئەرەکچاێڤ" کە لە زانستی زماندا پەیڕەو دەکرا، هانی نەبوونی بەرپرسیی دەدا، ئەم چەشنە خراپ .بەکارهێنانەشی ئاساندەکرد

گفتوگۆ زۆر بە کەڵکبوو، چونکە پێش هەموو شتێک، ڕۆشنایی خستەسەرهەموو ئەم .ڕێژیمە زۆردارییەی ئەرەکچاێڤ و، لەتوپەتیکرد

بەڵام سوودی گفتوگۆیەکە هەر ئەمەندەنەبوو. تەنیا سیستەمی کۆنی لە زانستی زماندا تێکنەشکاند، بەڵکو هەروەها ئەوەشی دەرخست کە باوەڕناکری، لەگرنگترین مەسەلەکانی زانستی زماندا، تا چ ڕادەیەک بیروباوەڕی شێواندووە، شێواندنێک کە لە ناوەندە سەرکردەکانی ئەم لقەی زانستدا بەربڵاوبوو. ئەوانە تاکاتی دەستپێکردنی گفتوگۆیەکە بێدەنگبوون، خۆیان بێدەنگکردبوو لە بارودۆخی ناڕازیبوون لە زانستی زماندا. بەڵام دوای دەستپێکردنی گفتوگۆیەکە، بێدەنگبوون کارێکی مەحاڵبوو، بۆیە ناچاربوون لەسەر لاپەڕەی چاپەمەنییەکان دەست بخەنە کارەکەوە. ئەی ئەنجامی ئەمە چیبوو؟دەرکەوت کەلە باوەڕی ن.ج. ماردازنجیرەیەکی درێژ کەم و کوڕی و هەڵەهەن، وێڕای زۆر لەومەسەلانەی کە وردبینیان بۆ نەکراوەو، ئەو باوەڕانەی کە ئامادەنەکراون. لێرەشدا پرسیارێک هەیە کە خۆبەخۆ خۆی دادەنێت: بۆچی لە کاتی خۆیداوبەڕاشکاوی و ئاشکرا ئەمەیان نەدەگوت، کە پێویستبوو وەک پیاوانی زانست ئەمە بکەن؟

قوتابییەکان"ی ن.ج.مار، پاش ئەوەی دانیاننا بە "هەندێ" لە هەڵەکانی ن.ج.ماردا. " وادیارە لەو باوەڕەدان، کە ناتواندرێت زانستی زمانی سۆڤێتی پەرەپێبدرێت ئەگەر لەسەر بنچینەی تێئۆریی"وردبینکراوی" مارنەبێت کە بە مارکسیی دەزانن.

تکاتان لێدەکەم لە "مارکسیزم"ی ن.ج.مار بمانبورن.

بەڕاستی ن.ج.مار دەیویست و هەوڵیدەدا ببێتە مارکسی، بەڵام ئەوەی نەتوانی. ئەو شتێکنەبوو جگە لە ئاسانکارو بەگشتیکاری مارکسیزم، لەسەر شێوازی ئەندامانی ڕێکخراوی "پرۆلیتکوڵت"(٨)یان لە چەشنی ئەندامانی"کۆمەڵەی ڕووسیی نووسەرانی پرۆلێتاری".

ن.ج.مار بارێکی سەرنجی چەوتی نامارکسیی خستە ناو زانستی زمانەوە سەبارەت بەزمان و دانانی بە سەرخان،

بەمەش خۆی خستە بارێکی گرانەوەو، زانستی زمانیشی نایە ناوکێژاو. مەحاڵیشە بتوانرێت زانستی زمانی سۆڤێتی لەسەر بنەمای بارێکی سەرنجی چەوت پەرەپێبدرێت.

ن.ج.مار باری سەرنجێکی هەڵەی هێنایە ناو زمانەوە کە نامارکسییە، هەروا لەبارەی "سروشتی چینایەتی" زمانەوە، بەمەش خۆی خستە بارێکی گرانەوەو زانستی زمانیشی نایە ناو کێژاو. مەحاڵیشە زانستی زمانی سۆڤێتی لەسەر گۆشە نیگایەکی هەڵە پەرەی پێبدرێت کە پێچەوانەی هەموو ڕەوتی مێژوی گەلان و زمانەکانە.

ن.ج.مار ئاکسێنتێکی بەفیزانەی هێنایە ناو زانستی زمانەوە، پێداگرییەک لەسەر ئاوازو دەنگی وشە کە پڕ لە لووتبەرزی و خۆبەزلزانییێت کە لەگەڵ مارکسیزم ناگونجێت و، بەبێ بیرکردنەوەو بەبێ هیچ بچینەیەک دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەوەی پێش ن.ج.لامار لە زانستی زماندا هەبووە.

ن.ج.مار بە قیژەو هاوار، بێزاری لەدژی ڕێبازی بەراوردی مێژوویی دەردە بڕێت و بە"ئایدیالیزم" ناویدەبات. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بگوترێ کە ڕێبازی مێژوویی بەراورد، وێڕای هەموو خەوشە جدییەکانی، تۆژینەوەکەی ن.ج.مار پەسند دەکات کە لەسەر چوار ڕەگەزەکە دامەزراوەو، ئەمە لەڕاستیدا تۆژینەوەیەکی ئایدیالییە. ئەمەش لەبەر ئەوەی یەکەمیان هانی کارو تۆژینەوەی زمانەکاندەدات و، دووەمیان تەنیا پاڵپێوەنانە بۆ دانیشتن لە نزیک سۆپاو ڕاوێژکاری بە مەستیی قاوە لەبارەی ئەم چوار ڕەگەزە بەناوبانگەوە.

ن.ج.مار بە لەخۆباییبوونەوە هەموو هەوڵێک دەداتەدواوە بۆ لێتۆژینەوەی لقەکانی(خیزانی) زمانەکان، لەمەشدا دیمەنی تێئۆریی"زمانی دایک" دەبینێتەوە. وێڕای ئەوەش کەس ناتوانێت خزمایەتی زمانەکانی نێوان نەتەوەکانی بۆ نمونە وەک نەتەوەکانی سلاڤی بداتەدواوە، کە ئەمیان هیچ جێگەی گومان ناهێڵێتەوەو، لێکۆڵینەوەی خزمایەتی زمانەکانی نێوان ئەم نەتەوانە دەشێت سوودێکی گەورەیان هەبێت بۆ زانستی زمان، سەبارەت بە خوێندنی قانونەکانی پەرەسەندنی زمان و، ئاشکرایە کە تێئۆریی "زمانی دایک" لێرەدا هیچ پەیوەنییەکی نییە.

کاتی گوێگرتن لە ن.ج.مار، بەتایبەتی کاتی گوێگرتن لە قوتابییەکانی، وا گوماندەکرێت کە لە پێش ن.ج.ماردا هیچ زانستێکی زمان نەبووەو، زانستی زمان کاتێک دەستی پێکردووە کە "دۆکترینی نوێ"، واتە زانستەکەی ن.ج.مار دەرکەوتووە. دیارە مارکس و ئەنگلز هەردوکیان زۆرتر بێفیزبوون: هەردوکیان وایان دانابوو کە ماتێریالیزمە دیالەکتیکەکەیان، ئەنجامی پەرەسەندنی زانستەکانە، بە فەلسەفەشەوە لە ماوەی سەدەکانی پێشوودا. بەمجۆرە هەروا گفتوگۆش یارمەتیمانی دا بەومانایەی کەموکوڕییە بیرییەکانی لە زانستی زمانی سۆڤێتیدا دەرخست.

من لەو باوەڕەدام کە زانستی زمان لای ئێمە، چەند خێراتر لە هەڵەکانی ن.ج.مار، ڕزگاربێت دەتوانرێت خێراترلەو تەنگوچەڵەمەیە دەربهێندرێت کە ئێستا پێیداتێپەڕدەبێت. پاکتاوکردنی ڕێژیمی "ئارەکچایێڤ"لەزانستی زمانداو، دەستبەرداربوونی هەڵەکانی ن.ج.مارو، مارکسیزم خستنەناو زانستی زمانەوە، بەبیرو بۆچوونی من ئەو ڕێگایەیە کە بوار دەدات تەندروستی و چاکبوونەوە بۆ زانستی زمان بهێنێت.

ی، ستالین

۲۰ی حوزەیرانی ۱۹۵۰

باسی بنچینەدەکەین base بۆ پێناسەکردنی سەرخان " یان(۱) superstrukture و" ژێرخان ، برگەیەک لە پەڕاوی"بەشدارییەک لە ڕەخنەگرتن لە infrastrukture ئابوری سیاسی" لەنووسینی کارل مارکس باسدەکەین. مارکس دەڵێت:"خەڵکی لەکاتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا بۆ بژیوی ژیانیان، لەناوخۆیاندا پەیوەندی تایبەتی و پێویست وسەربەخۆ لە خواستی خۆیان پێکدێنن. ئەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان تا پلەیەکی دیاریکراو لەپەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنە ماتێریالییەکاندا وەک یەک دەبن.

کوی ئەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان بنیاتنانی ئابوریی کۆمەڵگا پێکدەهێنن، واتە ئەو بنچینە راستییەی سەرخانی ماف وسیاسی لەسەر بینادەکرێت و، هەروا شێوە تایبەتییەکانی هۆشمەندیی کۆمەڵایەتی یەکساندەبێ بەرانبەری."

"دەستەی وەرگێڕان بۆ عەرەبی"

iargon(۲) رطانة : زمانێک کە سروشتێکی تایبەتی

بەسەریدا زاڵە.

"دەستەی وەرگێڕان بۆ عەرەبی"

رطانة: (وتەی خواروخێچ و نادیار، یان قسەی تێکەڵ و پێکەڵ کە لە ماناکەی تێنەگەین، وەک زمان خوارکردنەوە بۆ گوتنی زمانێکی بییانی- وەرگێڕی کوردی).

Scolastiques(۳)

Tragiodytes(٤) نیشتەجێی ئەشکەوتەکان

دەستەی وەرگێڕان بۆ عەرەبی.

بوند: رێکخراوێکی هەلپەرستی جولەکەیە لەسەر دەمارگیری نەتەوەیی دامەزراوەو، (٥) ئەم رێکخراوەیە لە بزوتنەوەی کرێکاراندا ڕۆڵی نوکەرێتی بۆرژوازیی دەگێرا. لەپێش شۆڕشی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبەر لە رووسیادا پەیدابوو.

"دەستەی وەرگێڕان بۆ عەرەبی"

(6)Vocabulaite

(7)Assimitation

ڕێکخراوێکی رۆشنبیریە لەکاتی شەڕی خۆولاتیدا(8)

پەیدابوو، داوای دەکرد سەرجەم رۆشنبیریی کۆنی رووسیا فڕێ بدرێ ورۆشنبیرییەکی نوێ دابمەزرێ کە هێچ پەیوەندیی بە ڕۆشنبیرییەکانی پێشویەوە نەمێنێت.

"دەستەی وەرگێڕان بۆ عەرەبی"